بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەلێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەلێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەرێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**پارێزەر .خالید مەجید فەرەج**

---

**1 . بە داخەوە دادگای بالای تاوانەکان لەئاستی ئەو کارەساتەدا نیە کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دادوەرەکە لە سەردەمی رژێمی حوکمی سەدام حسێن دا بووە بەدادوەر بەواتایەکی تر ئەگەر کەسێکی بە بیروباوەڕ بەعسی نەبووبێ کەواتە کەسێکی ئینتیهازی بووە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی بووە بە بەعسی. بەو پێیە گەورەترین هەڵەی دەزگای قەزائی عێراقی سپاردنی پرسینەوە لە چارەنووسی سەدو هەشتا هەزار کەس کە هیچ جورمێکیان نەبووە تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون و پێچەوانەی فەلسەفە شۆڤێنیستەکەی بەعس باوەڕیان وابووە کە ئەوان لەسەر خاکی خۆیان ئەژین و رەگەزیان جیایە لە رەگەزی عەرەب . ئاخر قەت بووە کێشەیەکت لەگەڵ کەسێک هەبێ هەرخۆشی قەزاوەتی تیا بکا. ئەوەی ئێستا لەو دادگاییەدا ئەی بینم کوتو مت وایە. العامری قەت ناتوانێ بێ لایەن بێت چوونکە 35 ساڵ ئەندامی حیزبێک بووە وەیان ئەقڵی گۆشکراوە بە مەنتیقێک کە دەڵێ ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لەخاکی پیرۆزی عەرەبدا دەژین لەسەریانە سوپاسی نەتەوەی عەرەب بکەن کە جێگەیان کردوونەتەوە دەبێ ئاگادار بن نەبنە بەربەست لە رێگەی هێنانەدی ئاواتەکانی لە ( الوحدة والحرية والأشتراكية ) و کێشەی بۆ دروست نەکەن دەنا دەیان نێرینەوە بۆ ئەو جێگایەی کە لێوەی هاتوون ئەمە قسەی دامەزرێنەری بەعس میشیل عەفلەقە کە لە دوو توێی کتێبی فی سبیل البعث دا کردوونی و قوتابیە نەجیبەکەی سەدام حسێن دوای ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکاندا ئەو بۆ چوونە تیۆریەی بە دەر کردنی کوردە فەیلیەکان بۆ سنووری ئێران هێنایە سەر ئەرزی واقیع. دواتر بۆ بنە بڕکردنی یەکجارەکی کێشەی ئەقلیات لە وەتەنی عەرەبیدا گازی خەردەل و سیانیدو ئەنفالی بە باشترین رێگە**

چاره زانی. بۆیه کاتێک سەیری ئەدای ئەو دادوەره ئەکەم هەست ئەکەم شەرمەزاری پێوەدیاره کاتێک دەبینێ وەلی نیعمەتەکەی ئاوا بە زەلیلی لەناو قەفەزی تۆمەتبارانـدا دانیشتووه و دەیەوێ بەهەر ڕێگایەک بێت تێی بگەیێنێ کە هێشتا هەر ئەو داوەره بەعسیە بە ئەمەکەی بیروباوەری قائیدو سەورەی حەڤدەو سی تەموزه .

2 . هەروەکو پێشتر له ووتارێکدا باسم کرد شایەدەکان باش ئامادە نەکراون بۆ نموونە کاتێک کە پارێزەری تۆمەتباران له شاهیدێک دەپرسێ کە دەڵێ لەناو هێزی پێشمەرگەدا پلەی رائیدم هەیە کەواتە دەبێ کەسێکی بە ئاگا بێت ئایا دەوڵەت زمانی کوردی لێ قەدەغەکردوون ئایا کلتورەکەی تێکداون دەڵێ نەخێر ! نموونە زۆرن بۆ شەرکردنی بەعس لەگەڵ زمان و کلتوری کوردا لەوانە بەپێی بەیاننامەی ئازاری 1970 دەبوو زمانی کوردی له ناوچی حوکمی زاتی له دام و دەزگاکانی ناوچەکە بەکار بێت بەڵام ئەوە بەهیچ جۆرێک جێبەجێ نەکرا نەک هەر ئەوە بەڵکو دەست کرا بە تەعریب کردنی زۆربەی ناوچە کوردیەکان لە کەرکوک و خانەقین و تێک دانی چوارهەزارو پێنج سەد ئاوایی واتا تێکدانی کلتوری میللەتێک کە رەگی بە مێژوودا داکوتاوه . نیشانەی یان خستبووه سەر (مەمنوع) نیشانەی یان خستبووه سەر کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی علا الدین سجادی .

3 . وەرگێرەکان لاوازن ئەوان لەدادگایەکن کە دبێ زمانی قانونی و هەندێک جار عەسکەریشی تیا بەکار بێ و هەروەها دەبێ هوشیار بن هەر ووشەیەک کە لەدەمی شایەدو شکاتکەرانەوە دێتە دەرێ دەبێ وەکو خۆی تەجەمەبکرێ هەندێک جار وەرگێرەکە نازانێ بەرانبەری ئەو ووشەیە بەعارەبی چیە ئەیپەڕێنێ! یان پرسیارەکانی پاریزەرەکان و دادوەرەکە کە ئاراستەی شایەیەدەکان دەکرێ بە دەقیقی تەرجەمە ناکەن بۆیە هەندێک جار پرسیارێک چەند جارێک دووبارە دەکەنەوە و له ئاکام دا بە پێچەوانەی بەرژەوەندی قوربانیان وەڵام ئەدرێتەوە.

4 . هەرچی پەیوەندی بەڕەوندی کوردەوە هەیە بەداخەوە ئیهتیمامێکی وانابینم کە لەئاستی ئەو رووداوە گرنگەدا بێت ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ کەمی پلەی هوشیاری و ئاستی خوێندەواری و رەنگە بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە زمانی دادگاکە عەرەبیەو زۆربەیان ئەو زمانە نازانن . دەبوو ڕاگەیاندنی کوردی لەئاستی مەسئولیەتدا بێت وراستەو خۆ هەموو قسەکانی وەربگێرایەتە سەرزمانی کوردی ئەگەر راستەو خۆش ناکرێ خۆ دەکرا ئێواران جارێکی تر لێێان بدایەتەوە بەڵام بە زمانی کوردی .

5 . سەلماندنی قڕکردنی کورد تەنها لەبەر ئەوەی رەگەزی کورد بووه له دادگایەک کە چاوی هەموو میدیاکانی دونیای لەسەر زۆر گرنگە چوونکە ئەرمەنەکان ساڵەهای ساڵە تێدەکۆشن و چەندین وولاتانی دونیاش هاودەنگە لەگەڵیان بەڵام هێشتا تورکیا دان بەوەدا نانێ کە شێوەیەک لەشێوەکانی جینوسایدی دژ بە ئەرمەنیەکان بەکار هێناوە کورد گەیشتۆتە ئەوقۆناغەی کە جولوکەکان لە نورنبیرگ کاتی خۆی

گەیشتنێ ئەوەتا هەموو کۆمەڵگای نێو دەڵەتی ڕێگا نادا جارێکی تر جولەکە بخرێنەوە ژوری گاز .پێم وایە ئەو حوکمەی کە دژ بە ئەنفالچیان دەردەچێت بەڵگەنامەیەکی قانونی و سیاسی ومێژووی دەبێت بەدەست کوردەوە کە بۆ پاراستنی ڕەگەزی خۆی کە پێویستە کیانێکی سەربەخۆی خۆی هەبێ لەگەڵ حمایەی نێودەوڵەتی ئەو زلهێزانەی کە خۆیان بە پارێزەرانی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دەزانن .. ئەوە هەلێکی زێرینە داخۆ دەتوانین لەکیسی خۆمانی نەدەین ئەو پرسیارە دانیشتنەکانی داهاتووی ئەنفال و دوتریش هەڵەبجە وەڵامی دەدەنەوە.